توندروستی فەلەستین: ژمارەی گیان لەدەستدان بە ١٤ هەزار کەس بەرزبووەتەوە

وەزارەتی تەندروستی فەلەستین رایگەیاند، بەهۆی شەڕی حەماس و ئیسرائیلەوە زیاتر لە ١٤ هەزار کەس گیانیان لەدەستداوە.

نووسینگەی راگەیاندنی حکومەت لە کەرتی غەززە باویکردەوە، زیاتر لە ٤٧ هەزار حاڵەتی گیانلەدەستدان و بریندارببوون لە ئەنجامی هەرشەکانی ئیسرائیل بە سەر کەرتی غەززە تۆمار کراون و وەزارەتی تەندروستی فەلەستینیش ئاماژەی بەوە کردووە کە زیاتر لە سێ هەزار کەس لە بەشی ڕۆژئاوای کەرتی غەززە گیانیان لەدەستداوە و بریندارببوون.

ئاماژەی بەوەش کرد، ژمارەی گیانلەدەستدانەکان تاوەکو ئێستا بە ١٤ هەزار و ١٢٨ کەس بەرزبووەوەتەوە کە زیاتر لە پێنج هەزار و ٨٤٠ کەسیان منداڵن و سێ هەزار و ٩٢٠ کەسی دیکەیان ژنن.

ئەوەشی خستە روو، ژمارەی بریندارەکان لە ئەنجامی ئەو شەڕەوە بە ٣٣ هەزار بریندار بەرزبووەتەوە کە ٧٥٪ی بریندارەکان منداڵ و ژنن.

باسی لەوەش کرد، ژمارەی ونبووەکان بە زیاتر لە شەش هەزار و ٨٠٠ کەس بەرزبووەتەوە، کە زیاتر لە چوار هەزار و ٥٠٠ کەسیان منداڵ و ژنن.